

## مەریام فارس بۆ گوڵان:

# ژیان کورتە و پێویست ناکات ئازاری یەکتر بدەین

**ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢١ کچە گۆرانیبێژی لوبنانی مەریام فارس سەردانی شاری بەغدای کرد و بەو بۆنەیەوەش بۆ یەکەمجار ئاهەنگێکی ساز کرد، هاوکارمان عومەر هادی کە لە هەمان کاتدا ڕێکخەری کارەکانی مەریامە لە عێراق ئەم دیمانەیەی لەگەڵیدا ساز کرد.**

**دیمانە: عومەر هادی**
**گوڵان-بەغدا**

*** سەرەتا با لەو سەردانەوە دەست پێبکەین؟**

-زۆر سوپاستان دەکەم، دەمێکە خەونم بەوەوە دەبینی سەردانی عێراق بکەم، ئەو وڵاتەی کە چەندین هونەرمەندی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و زۆر دڵخۆش بووم بەو ئاهەنگە.

*** بۆچی پێت سەیر بوو کە باسی بارودۆخی عێراقم بۆ کردی؟**

- ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕاستە، بەڵام کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باس لە ئارامی ناکەن، بەڵکو تەنیا باس لە نا ئارامی دەکەن، بەداخەوە عێراقیش بووەتە باسی سەر زاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن، من زۆر دڵخۆشم بەوەی بینیم و بە دڵنیاییەوە ئەوەی بینیم وەك خۆی دەیگوازمەوە.

*** ئاهەنگەکە چۆن بوو؟**

- هەمیشە چاوم بە جالیەی عێراقی دەکەوێ، بەڕاستی کاتێکی خۆشم بەسەر برد.

*** بۆچی گۆرانییەکانی کازم ساهیر و نازم غەزالیت وتەوە؟**

- من زۆر سەرسامم بەم دوو هونەرمەندە مەزنە، نازم غەزالی خاوەنی چەندین گۆرانییە کە تا ئێستاش زیندوون، بۆیەش گۆرانییەکی ئەوم وتەوە تاکو دڵی جەماوەر خۆش بکەم و زیاتر سەرنجیان رابکێشم، سەبارەت بە قەیسەر کازم ساهیریش ئەو گۆرانییەم هەڵبژاردبوو کە هەموو جەماوەر خۆشی دەوێت و بە چۆپی ناسراوە لە عێراق.

*** گۆرانی (ارتاح) عێراقییە مەریام چۆن وتوویەتی؟**

- بە پێکەنینەوە ئایا پێت وابوو سەرکەوتوو بووم لە شێوەزاری عێراقی؟ ئەم گۆرانییە پێشتر وتوومە و هەمیشە لە ئاهەنگەکاندا دەیڵێمەوە یەکێکە لە گۆرانییە خۆشەکانم، ئاواز و شیعرەکەی هی یوسف عومانییە.

*** ئایا دەبێتە یەکێك لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەت؟**

- بێگومان لەبەر ئەوەی جەماوەر زۆری پێخۆشە ناچارم بیکەم بە یەکێك لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەم.

***کەی ئەلبوومەکەت تەواو دەبێت؟**

- پەنا بە خوا بەم نزیکانە تەواو دەبێت و ئێستا لە قۆناغە کۆتاییەکانی ئەم ئەلبوومەم و چەندین شاعیر و ئاوازدانەری بەناوبانگ بەشدارییان تێیدا کردووە.

*** چۆن فێری ئەم سەما عێراقییە بووی؟**

- بەڵێ لە فەوازیردا زۆر مەشقم کرد بەتایبەتی لەسەر گۆرانی (ارتاح) لەگەڵ سەماکاری عێراقی (ملایین) کە لە لەندەن چاوم پێیکەوت و لەوێ داوام لێیکرد فێری سەمای عێراقیم بکات بۆ فەوازیر، بۆیە کاتێك ئەم سەمایەی لەبەردەم خەڵکی عێراقدا دەکرد هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد.

*** سەمای عێراقیت بە دڵ بوو؟**

- بێگومان، چونکە جیاوازە لەگەڵ هەموو جۆرە سەماکانی دیکە و جوولەی وای تێدایە کە لە سەمای دیکەدا نییە و پێشتر لە هیچ شوێنێکی جیهان نەمبینیوە.

*** رات چییە بەرامبەر بە ماسی عێراقی کە ئەمرۆ خواردت؟**

-ئەوەی راستی بێت ئەمە یەکەم جارە کە ماسی (مسگوف) بخۆم زۆر سەرسامم بەشێوازی ئامادە کردن و برژاندنی، چونکە جیاوازە لەگەڵ ماسی دیکە لەبەر ئەوەی ماسی رووبارە کەچی ئێمە تەنیا ماسی دەریایی دەخۆین.

*** رات چییە بەرامبەر بە یانەی (صید)؟**

- پرۆژەیەکی زۆر سەرکەوتووە و ئەو کەسانەی لەوێش بوون کەسانی رۆشنبیر بوون، هیوادارم لە هەموو وڵاتان ئەم جۆرە پرۆژانە هەبێت و زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە بەشدارییان کردووە لە سەرکەوتنی ئەم ئاهەنگە و پێش هەمووان جەنابتان کە هەموو کاتی خۆت بۆ ئێمە تەرخان کرد.

*** ئایا سەردانی کوردستان دەکەی؟**


-هیوادارم لە نزیکەوە گەلی کورد ببینم، چونکە گەلێکی هونەر دۆست و خاوەن مێژووکی دیارە، زۆر سەرسامم بە دەنگی هونەرمەندەکانیان، ئەگەر پرۆژەی ئاهەنگێکیش هەبێت، ئەوا لە رێگەی جەنابتانەوە بێت و هیوادارم لە کاتێکی نزیکدا ئەم ئاهەنگەم بۆ رێك بخەی.

***بەر لە چەند رۆژێك تەندروستی دایکی بەڕێزتان تێکچووبوو تۆش هاتی بۆ عێراق ئێستا تەندروستی چۆنە؟**

- راستە خوا تەمەنی درێژ بکا، دایکم بەر لە ماوەیەك دووچاری رووداوێکی هاتووچۆ بۆوە و چەند شوێنێکی لەشی شکا و من خوشکم ترسێکی زۆرمان هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی لە باش بوونی تەندروستی دڵنیا بووین هاتین بۆ عێراق، هەموو لایەك دەزانن کە من و زۆر بەستراوم بە دایکمەوە و لەم سەردانەش کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی جیهانی دایك گۆرانیم بۆی وت، هەر بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو پیاوەکان دەکەم گرنگی بە هاوسەرەکانیان بدەن و لە توندوتیژی و رق و کینە دووربکەونەوە، خۆشەویستی جوانی بە ژیان دەبەخشێت، چونکە ژیان کورتە و پێویست ناکات ئازاری یەکتر بدەین.

*** ئایا ئەمە پەیامێکە بۆ پیاوان؟**

- بەڵێ دەتوانم بڵێم ئەمە پەیامێکی ئاشکرایە بۆ پیاوان.





## نوژدار :
## با جەماوەر بڕیار لەسەر کلیپەکەم بدات

بەم دواییە هونەرمەندی دەنگخۆش و بە توانای شاری دهۆك نوژدار گۆرانییەکی رەسەنی کوردی بە ناوی (ئەمان دکتۆر) تۆمار و بڵاوکردەوە بە ڤیدیۆ کلیپ و تا رادەیەك سەرکەوتوو بوو.

دەربارەی هەڵبژاردنی ئەم گۆرانییە نوژدار لە پەیوەندییەکدا بە گۆڤاری گوڵان گوتی: من دەمێك بوو بیرم لە تۆمار کردنی گۆرانییەك دەکردەوە بەشێوەزاری سۆرانی و دوای ماوەیەك ئەم گۆرانییەم هەڵبژارد کە زۆر سەرنجی راکێشام و بە رای من یەکێکە لە گۆرانییە خۆشەکان و لەبەر ئەوەی زۆرم بە دڵ زۆر خۆم لەگەڵی ماندوو کرد هەر لە مۆسیقا و دەنگ و تەنانەت کلیپیش بۆ ئەوەی بەشێوەیەك بێت کە بە دڵی جەماوەر بێت و دەستخۆشیم لێ بکەن.

دەربارەی سەرکەوتنی گۆرانییەکەش و قبوڵ کردنی لەلای خەڵك، نوژدار دەڵێ: من ناتوانم ئەم بڕیارە بدەم کە سەرکەوتوو بووم یان نا، بۆیە ئەم بڕیارە بۆ جەماوەر بەجێ دەهێڵم با جەماوەر گۆرانییەکە هەڵبسەنگێنێت و بڕیاری لەسەر بدات.



## کاتی
## کۆنەهاوسەرەکەی توڕە دەکات

کچە نمایشکاری جلوبەرگی بەریتانی بەنیازی کڕینی خانوویەکی نوێیە، بەڵام پێیوایە ئەم هەنگاوەی دەبێتە هۆی توڕە بوونی گۆرانیبێژی ئوسترالی پیتەر ئەندرێ کە کۆنە هاوسەریەتی.

بەپێی ڕۆژنامەی (میرۆر)ی بەریتانی کاتی بە نیازە خانوویەك لە لۆس ئەنجلۆس بکڕێت بە بڕی ١١ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانی لەوێ بژین، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی توڕەبوونی ئەندرێی کۆنە هاوسەری، چونکە لە منداڵەکانی دوور دەکەوێتەوە و بە ئاسانی ناتوانێت لە نزیکەوە بیانبینێت و سەرەڕای جیابوونەوەیان ئەندرێ دڵخۆشە بەوەی کە لە بەریتانیا بژیت، لەلایەن خۆیەوە برایس ڕایگەیاند کە خانووەکەی بەریتانیای نافرۆشێت، بەڵام دەیەوێت بۆ ماوەیەکی زیاتر لە ئەمریکا بژیت تاکو بتوانێت ناوبانگێکی هونەری زیاتر پەیدا بکات و زیاتر بناسرێت.



## نیکۆڵ کیدمان و جۆنی دیب
## تەمەڵترین ئەکتەرن لە خوێندن

بەپێچەوانەی ئامۆژگاری باوکان بۆ منداڵەکانیان بەوەی کە گرنگی زیاتر بە خوێندنیان بدەن و تێیدا سەرکەوتوو بن، ئەستیرە سینەماییەکان گرنگی بە خوێندن نادەن.

بەشێکی زۆر لە ئەستێرەکانی هۆلیۆد ڕێگەیەکی جیاوازیان هەڵبژاردووە، بۆیە بەشێك لە ئەکتەرە ناودارەکان نەیانتوانیوە خوێندنیان تەواو بکەن، هەرچەندە ئەوەی لە سینەما دەستیان کەوتووە لەوانەیە لە بواری دیکە دەستیان نەکەوتبا، هەندێك لەم ئەکتەرانە خوێندنیان کردە قوربانی ئەکتەری و هەندێکی دیکەشیان دەرفەتیان نەبوو تەواوی بکەن، جۆنی دیب کە ئەکتەرێکی ناودارە تەنانەت نەیتوانیوە بڕوانامەی ناوەندیش بەدەست بهێنێت، هەروەها نیکۆڵ کیدمان ئەویش لە ١٦ساڵی خوێندنی جێهێشت و سەرەتا ڕووی لە شانۆ کرد، جۆن تراڤۆڵتاش لەپێناو کار کردن لە بواری نمایش کردنی جلوبەرگ ناچار بوو واز لە خوێندن بهێنێت.

## مادلین:ئایینی هاوسەرەکەم گرنگ نییە

کچە گۆرانیبێژی لوبنانی لە بەرنامەیەکی ڕادیۆی (صوت لبنــان) ڕایگەیاند ئێستا خەریکی خۆ ئامــادە کردنە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی هونەری نوێ کە بە شــێوەزاری کەنداوییە.

هــەر لەمیانەی ئەم بەرنامەیەدا مادلین ئەوەی درکاند کەوا لەلایەکی دیکە خۆی ئامادە دەکات بۆ چوونە نێو قەفەسی زێڕین و هاوســەری ژیانیشی گەنجێکی بە ڕەگەز سورییە و ســەر بە ئایینێکی دیکەیە، بەڵام لەلای من گرنگ نییە سەر بە چ ئایینێك بێت، گرنگ ئەوەیە بتوانین بە ئاسودەیی بە یەکەوە ژیان بەسەر بەرین.






## ئیمی دەبێتە پاڵەوانی سوپەرمان

ئەستێرەی ســینەمای ئەمریکی ئیمی ئەدامز هەڵبژێردراوە بــۆ ئەوەی ڕۆڵی کچە ڕۆژنامەنووس لویس لاین ببینێت لە فیلمێکی نوێی زنجیرە فیلمەکانی (سوپەرمان).

ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمز ڕایگەیاند کەوا دەرهێنەری فیلمەکە زاك سنایدەر پێوەندی بە (ئیمی)ـەوە کردووە و پێی ڕاگەیانــدووە کەوا ئەو هەڵبژێــردراوە بۆ بینینی ئەو ڕۆڵە، لەم بارەیەوە ســنایدەر بۆ ڕۆژنامەی ناوبراوی وتی: دوای گفتوگۆیەکی زۆر و دەستنیشــانی کردنی چەند ئەکتەرێك و ئەنجامدانــی تاقیکردنەوە بۆیان پێمان باش بوو ئەم ڕۆڵە بە ئیمی بدەین، چونکە ڕۆڵێکی زۆر گرنگە و پێویستی بە ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموون هەیە، شــایەنی باسە بڕیار وایە ئەم بەشە نوێیەی سوپەرمان لە ساڵی ٢٠١٢ تەواو بکرێت.



فۆتۆ: زانا دڵشاد

لەم ژمارەیە بە پێویستمان زانی هەڵسەنگاندنێك بۆ كارە هونەرییەكانی هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و بە توانا (ئیبراهیم حەكیم) بكەین، هەرچەندە ڕەنگە نەتوانین بەم هەڵسەنگاندنە حەقی خۆی پێ بدەین، بەڵام چەند كەسێكی شارەزا لەو بوارە بە ئازادی باس لە هونەرمەند ئیبراهیم حەكیم بكەن و ڕاو سەرنج و تێبینییەكانی خۆیان بخەنە ڕوو.

# هەڵسەنگاندنی گۆڤاری گوڵان بۆ ئیبراهیم حەكیم

**ئەو هونەرمەندەی حەقی خۆی نەدراوەتێ**

هونەرمەند ئەحمەد سالار دەڵێت «هونەرمەند (ئیبراهیم حەكیم) ئەو ناوە درەوشاوەیەی هونەری گەلەكەمانە، كەتا ئەمڕۆ نە ئەو هەل و دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە كە بەتەواوی خزمەتی بەهرە و توانا گەورەكەی بكرێ و نە وەك پێویست كاری بۆ كرابێ. لەحەفتاكانەوە دەیناسم و منیش یەكێكم لەو هەزارەها كەسەی كە بەدڵ خۆشیان دەوێ و ئاشنایە بە گیانیان. هونەرمەندێكی ئێسك سووك و بە ڕەوشت دەوڵەمەندە، سەلماندوویەتی كە ئەو دەتوانێ چاپووكانە لەهەردوو ڕووەكەی هونەری نواندندا واتە تراژیدیا و كۆمیدیا، هونەری باڵای بنوێنێ و هەر دەورێكی نواندبێ كورد وتەنی لێوان لێو و پڕ بەپێستی بووە، بەكورتترین ڕێگە و كەمترین ماوە پردێكی توند و تۆڵی لە نێوان خۆی و وەرگر دروستكردووە. چەپكە بەهرەیەكی گوڵ ئاسا لەگوڵدانی بوونی نەخشاوە و بەدرێژایی تەمەنە هونەرییەكەی كە چل ساڵ پترە كەمتەرخەمی و خەم ساردی نەكردووە. دەبێ ئەوەش بڵێین كەیەكێك لەدەستە گوڵەكانی ئەم هونەرمەندە بۆ هونەری گەلەكەی گۆش كردنی كاكە كارۆخی كوڕیەتی، كە سەرتۆپی بەهرە گەنجەكانی كوردە، دەك دەست خۆش.

**ئیبراهیم حەكیم كەسێكی ڕوح سووك ئێسك سووكە لەكاتی كاركردنی**

هونەرمەند ناسر حەسەن دەڵێت «ئیبراهیم حەكیم هونەرمەندێكە دەمێكە لەبواری شانۆ و تەلەفزیۆن و كورتە فیلم و دراما بەشداری دەكات. ئیبراهیم حەكیم كەسێكە زۆر پابەندە بەكات لەكاتی ئامادەبوونی دەرهێنانی فیلم بێت یاخود دراما یان شانۆ، بەڕاستی ئەمەش زۆر گرنگە هەڵسوكەوتی لەگەڵ دەرهێنەر و ستاف زۆر باشە، كەسێكی ئێسك سووكە زۆرجار لەكاتی كاركردن دەبینی كێشەیەك هەیە جەوەكە ناخۆشە ئیبراهیم بەدوو قسەی خۆش جەوەكە دەگۆڕێت. كاتێك درامای مەمی ئالانمان تۆمار كرد ئیبراهیم حەكیم بەڕێوەبەری بەرهەم بوو. ئالان درامایەكی زۆر گەورە بوو كۆنترۆڵی ئاسان نەبوو بەڕاستی من دوای بینینم بۆ مەمی ئالان كە پێشكەش كرا وتم ئیبراهیم چۆن توانیت بەرگەی ئەم ئیشە بگری و كۆنترۆڵی بكەی. بێجگە لەوە ئیبراهیم یەكێكە لەئەكتەرە سەركەوتووە كۆمیدیییەكانی كوردستان.

**یەكێكە لەو هونەرمەندە سەركەوتووانەی بواری كۆمیدیا**

هونەرمەند بەكر مەعروف وتی «هونەرمەند ئیبراهیم حەكیم ساڵانێكی زۆرە خەریكی شانۆ و تەلەفزیۆن و درامای كوردیە. ئەو هونەرمەندە هەر لەسەرەتای ژیانییەوە ڕێڕەوی شانۆی كۆمیدی گرتۆتە بەر، یەكێكە لە هەرە هونەرمەندە سەركەوتووەكانی هونەری شانۆی كۆمیدی. من وەكو هونەرمەندێكی نزیك لەئیبراهیم حەكیم لە پاڵ ئەوەی كە

ئەو هونەرمەندە کەسێکی تێکۆشەر و چەندین ساڵ پێشمەرگەبووە، ئیبراهیم حەکیم کاتێك بەشداری لەکارێکی هونەری دەکات دەقەکە جوان دەخوێنێتەوە لەگەڵ هەموو دەرهێنەرێکیش کار ناکات. بۆیە دەڵێم یەکێکە لەهونەرمەندە سەرکەوتووەکان، چونکە دەزانێت چ کارێك باشە چ کارێك خراپە.

## ئیبراهیم حەکیم بە سروشتی خۆی کەسێکی کۆمیدیە

هونەرمەند سەلام کۆیی سەبارەت بەکارەکانی ئیبراهیم حەکیم دەڵێت «ئەگەر باس لەکۆمیدیا بکەی چەند کەسانێك دەستنیشان دەکرێن چ لە ئێستا چ لەکۆندا، بەڵام ئەوەی کە کۆمیدیایەکی ڕەش پێشکەش دەکات و شێوەی دەگونجێت خەڵك بێزار نەبێت لێی، چونکە دروستکەر نییە کە سادە و ساکاری ئەنجامی دەدات ئەویش ئیبراهیم حەکیمە. ئەگەر سەیری شێوەو جەستەی ئەو هونەرمەندە بکەی ئەوا دەزانی ئەو هونەرمەندە کۆمیدیە. زۆر جار ڕۆڵی تراژیدیای دراوەتێ وتوومە ئەم ڕۆڵەی پێمەدەن، چونکە ئەگەر لە لوتکەی تراژیدیا دابیت خەڵك پێدەکەنێت، بەڵام ئیبراهیم حەکیم شێوەکەی کۆمیدیە ئەگەر لەبازاڕ کەسێك قسەی لەگەڵ بکات خەڵك پێدەکەنێت، تایبەتیمەندییەکی هەیە وەکو خەڵکانی دیکە نییە بڵێت ئەگەر زەحمەت نەبێ قدیلانێم ناکەیەوە بۆ ئەوەی پێبکەنم. کۆمیدیا تاڵە مووەکە، بەڵام تا ئێستا ئیبراهیم حەکیم لەو تاڵە مووە لای نەداوە سەرکەوتوو بووە لەکارەکانیدا.

## ئیبراهیم حەکیم پاشای هونەری کۆمیدیە

هونەرمەند خەلیل یابە دەڵێت «ئیبراهیم حەکیم هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی بەکاری هونەری دیار بوو ئەو بەهرەیەکی هونەری هەیە جیا لەخەڵکی دیکە زیاتر ئەو بەرەو کۆمیدیا دەڕویشت. هەموو کەسێکیش لەکاری کۆمیدیا ناوەشێتەوە. تەنانەت ئەگەر دەورێکی تراژیدیشی پێبدرێت ئەو لە قسە و هەڵسوکەوتی بەدیار دەکەوێت کە هونەرمەندێکی کۆمیدیە. لەکاتی خۆی تەندروستی باش نەبوو نووسراوێکم نووسی کە ئیبراهیم حەکیم پاشای هونەری کۆمیدیە. کۆمیدیاکەشی گاڵتەجارییە بەبێ ئەوەی لەکاتی نواندنی خۆی تێك بدات. ڕاستە هەندێك جار لەدەقەکەی دەچێتە دەرەوە، بەڵام ئەوا هەموو هونەرمەندە کۆمیدیەکانی جیهان وان، ئەمەش نابێتە عەیب بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمە، چونکە هیچ سانسۆرێك نییە. هەموو خەڵك حەز دەکات کارەکانی ببینێت.

## توانییەتی پردێك دروست بکات لەنێوان بینەری هونەری کۆمیدیا

هونەرمەند ماهیر حەسەن لەبارەی کارەکانی هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم وتی «ئیبراهیم حەکیم کەسێکی ئازیزە لەنێو هونەری شانۆ و تەلەفزیۆندا. ئەو شێوازەی کە ئیبراهیم حەکیم دەردەکەوێت لەکاری هونەری کە بە شێوەیەکی کۆمیدی دەردەکەوێت یەکێکە لەو هونەرمەندە بەتواناییانەی شاری هەولێر کە لە بواری کۆمیدیا کار دەکات. کاری کۆمیدیا کارێکی قورسە کەم کەس دەتوانێت خۆی لەقەرەی بدات، بەڵام ئیبراهیم حەکیم توانییەتی جێگەی خۆی بکاتەوە لەو بوارە. ئەو کەسایەتیانەی ڕۆڵی بینیوە توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ڕۆڵەکان ببینێت و شێوەی سروشتی خۆی زۆر هاندەر بووە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەکارەکانی، هەروەها توانیویەتی پردێکی باش دروست بکات لەنێوان هونەر و بینەردا.

